
# رۆڵی موزیک
# لە ژیانی رۆژانەمان

هیــچ هونەرێـك نییــە كـە بەرامبــەر موزیــك بــەراوردی پــێ بكــەن، كــە رۆژانــە بــە شــێوەیەكی زۆر ســاكار ئادەمیــزاد بەختــەوەر دەكات، لـە مـاڵ، لـە دەرەوە، بـە تەنیـا، لەگـەڵ خەڵـك، پیـادە، یـان بـە ئۆتۆمۆبیـل، لـە كاتـی خـواردن دروسـتكردن، كاتـی منـداڵ نوانـدن، بـێ گوێـدان بـۆ گۆرانـی و موزیـك، زوو بێـزار دەبیــن لــە ســەفەركردنی دوور و درێــژ، هەتــا لـە كاتـی ئیشـكردن هەسـت بـە كات ناكـەی كاتـێ موزیـك دەبێتـە یـاوەرت، هەتـا باشـترین فیلمـی سـینەمایی بـە بـێ موزیـك رەونـەق و جوانــی و دڵڕاوكــێ لــە دەســت دەدا، زۆر لـە دكتـۆر و تێراپۆیـت و كەسـانی لـە بـواری پـەروەردە كار دەكـەن، هەتـا دكتـۆری دەروونـی و زانیـار و ئەوانـەی پەیوەندییـان بـە زانسـت و لێكۆڵینـەوە لـە ژیـان و عەقـڵ و مێشـكی مـرۆڤ هەیـە، تـادێ لـە رۆڵی موزیك لەسـەر هەسـتی دەروونـی و گۆڕانـی بـۆ باشـتر، زیاتـر تێدەگـەن، چونكـە موزیـك كاردانـەوەی هەیـە نـەك تەنیـا لەسـەر دەروون و مێشـكی مـرۆڤ، بەڵكـو لەسـەر لەشـی مرۆڤیـش، چونكـە دەنـگ لەرینەوەیەكـی فیزیاوییـەو كاردانـەوەی لەسـەر پێسـت و لێدانـی دڵ و پوڵـزو كاركردنـی گـەدەو ریخەڵـۆك هەیـە، هەتـا هەناسـەدانیش لەگـەڵ موزیـك دەگـۆڕێ. ماوەیەكـە زانسـتی ئیتاڵـی تاقیكردنـەوە لەسـەر شـێوەكانی موزیـكك؛ دەنگـی (بـەرز و نـزم) (خـاو و خێـرا) ( وردە ورد دەنـگ زۆر و كەمكـردن) و كاردانـەوەی لـە سـەر دڵ و هاتوچـۆی خوێـن و فشـاری خوێـن دەكـەن.

(موزیك تێراپی) یا بە كوردی چارەسـەركردن بـە موزیـك، كـە زیاتـر بـۆ خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتیـەكان بەكاردێـت، (بەنـدە ٢٥ سـاڵ لـەو بـوارە لـە خەسـتەخانەیەكی نەمسـاوی بـە رەسـمی كارم كـردووە.) بەشـێكی زۆر گرنـگ و كۆنـە لـە سـوودوەرگرتن لـە هێـزو وزەی موزیـك! یەكێـك لـە شـێوەكانی هـەرە كۆنـی موزیكتێراپی كـە لـەو باوەڕەدام زۆربەمـان لێـرە یـا لـەوێ بەكارمـان هێنابـێ؛ فیتوولێدانـە بـە دەو كاتـێ بـە شـەو بـە تەنیـا لـە رێـگا دەڕۆیـن! تـۆ بـە دەوروبـەرت دەڵێـی كـە بـە تاریكـی نایانبینـی. (مـن لێـرەم و لـە كەسـیش ناترسم).



## رزگار خۆشناو

بۆ گوڵانی نوسیووە

چۆنیەتی گۆڕانی دەنگەکان کارێکی زۆر سەختی دڵە لە شێکردنەوەو ڕێکخستنی و کردنی بە موزیك! بۆ ئەو مەبەستەش چەندەها بەشی (ئاریاڵ)ی مێشك پێکران کاردەکەن بۆ جیاوازکردنەوەی رستەو مۆتیڤی مێلۆدی و رزم و ئامێر و دینامیك و زۆر شتی تر، بەڕای من موزیك هەر لە تەمەنی دوو ساڵییەوە دەبێت رۆڵی خۆی ببینی و لە باخچەی منداڵان و قوتابخانەکان بەردەوام بیٚ، چونکە زانایانی دونیا دەمێکە ئەو راستییەیان لا ئاشکرا بووە کە موزیك لە قۆناخی سەرەتایی منداڵ و بە گوێرەی مێشك و لەشی رۆڵێکی گرنگ دەبینیٚ و زۆر پێویستە و هەندیٚ جار لە وانەکانی تری قوتابخانە ئەگەر گرنگتر نەبیٚ، ئەوە کەمتر نییە، چونکە موزیك مێشکی منداڵ ڕێکوپێك دەکات و هۆشمەندو زیرەکی دەکات. موزیك یاوەرێکی هەمیشەیی مرۆڤە لە منداڵی تاکو پیری! هەتا لە پیرییش رۆڵی موزیك هەر بەردەوامە، بەتایبەتی بۆ بەساڵاچووان و ئەوانەی تووشی نەخۆشیی شت لە بیرچوون (زەهایمەر) بوون، لێرە موزیك دیسان یارمەتییان دەدات بە بەکارهێنانی ئەو ستایلە موزیکەی کە کاتی خۆی نەخۆشەکە گوێی بۆ راگرتووە، لە کاتی شەڕو بەرخۆدانیش دیسان رۆڵی موزیك دیارە بە گوێگرتن لە گۆرانی و سروودو مارشی نەتەوەیی پێشمەرگە و شەڕڤان و گەریلا هەستی شەڕو بەرخۆدانیان زیاتر دەبیٚ، هەتا ئەو کەسانەی کە بە هۆی جۆرەها رووداوو، یا لەناکاو تووشی جەڵدەی مێشك، یان سەکتەی دڵ دەبن و دەکەونە نێو (کۆما) خەوی بێهۆشی قووڵ، موزیك یارمەتییان دەداو هەندیٚ جار دێنەوە باری سرووشتی و چاك دەبنەوە..

موزیك نابیندریٚ و بۆنی نییە، تەنیا دەبیستریٚ و مرۆڤ هەستی پیٚ دەکات، بەڵام وزەیەکی یەزدانیی هەیە و دەتوانیٚ دڵمان خۆش، یا ناخۆش بکات، هەتا باسی دەنگخۆشی و موزیك لە نێو قورئانی پیرۆزیش کراوە و قورئانیش بە بەکارهێنانی مەقامەکان دەگوتریٚ.



## جۆنی دیب لـــ

دوای ئەوەی بەر لە ماوەیەك ئەمبرد هیردی ئەستێرەی سینەمایی هۆڵیـوود سـكاڵایەكی دژی جۆنـی دیبـی پێشـكەش بـە دادگا بـەرز كـرد و بـۆ جنێـو و قسـەی ناشـیرین و تەنانـەت لێدانیـش تۆمەتبـاری دەكات، ئـەم جارەیـان سـكاڵایەكی دیكیـە جیـاواز لـە دژی بـەرز كراوەتـەوە بـۆ دادگا لەلایـەن دوو پاسـەوانە تایبەتەكـەی. دوو پاسـەوانەكەی جۆنـی دیـب چەندیـن تۆمەتـی جۆراوجۆریـان دژی بـەرز كردۆتـەوە كـە گرنگترینیـان وەرنەگرتـی كرێـی كارەكەیـان و رووبەڕووبوونـەوەی مەترسـی و خسـتنە نێـو بارودۆخـی مەترسـیدار لەلایـەن خـودی دیبـەوە تۆمەتبـاری دەكـەن، بەپێـی ماڵپەڕێكـی هونـەری ئـەم دوو

## تـاتۆكەی دیبیكا هەرای نایەوە



دیبـكا بادۆكـۆن یەكێكـە لـەو كچـە ئەكتەرانـەی بۆلیـوود كـە بـەوە ناسـراوە گرنگییەكـی زۆر بـە ئەنجامدانـی وەرزش و مەشـقە وەرزشـییەكان دەدات بەشـێوەیەكی رۆژانـە و بە بەشێكی دانەبڕاوەی ژیانی دادەنرێت و میدیاكانیـش گرنگیـی بـەم لایەنـەی ژیانـی دەدەن، بـەڵام لـە مـاوەی رابـردوودا میدیاكانـی هینـدسـتان گرنگییـان بـە بابەتێكـی دیكـە دا.
بـەم دواییـە دیبیـكا تاتۆیەكـی نوێـی لـەلای پشـتەوەی ملی داوە، بۆیـە میدیاكان گرنگییەكی بێ هاوتایـان بـەو





## ـــــــــە گرفتێکەوە بۆ گرفتێکی دیکە

پاسەوانە بە ناوەکانی یۆجیان ئەریۆلا و مێگیل سانشێزە کە کارمەندی کۆمپانیایەکی ئەمنین و ئەرکی پاسەوانیەتی کردنی جۆنی دیبیات پێ سپێردراوە و لە ساڵی ٢٠١٦ هێنراونەتە لای دیب و وا رێککەوتوون کە گشت شایستە داراییەکانیان وەرگرن و بیمەشیان بۆ دابین بکرێت لەلایەن جۆنی دیبەوە، بەڵام بەپێچەوانەی گرێبەستی نێوانیان کاری نەکردووە و سەرپێچیی کردووە لەو گرێبەستە.

دوو پاسەوانە لە سکاڵاکەیاندا ئەوەشیان باس کردووە کە دیب ئەرکی دانیشتن لەلای منداڵەکەی پێ سپاردوون لە هەمان کاتدا وەك شوفێریش کاریان کردووە بۆ گواستنەوەی خۆی و خێزانی بۆ هەر شوێنێك کە بیەوێ سەرەڕای ئەنجامدانی چەند کارێکی نایاسایی ئەمەش وای لێکردوون کە هەست بەوە بکەن ژیانیان لە مەترسیدا بێت لەو کاتەی کاریان لەگەڵیدا کردووە.

## کیت ئامۆژگاری کچە هونەرمەندەکان دەکات

خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆلیۆد کیت وینسلت داوایەکی ئاراستەی ئەو کچە ئەکتەرانە کرد کە بەشداری لەسەر فەرشی سووری فیستیڤاڵە سینەماییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، بەوەی ئامادە بن و گرنگییەکی زیاتر بە شێوازی دەرکەوتنیان و جلوبەرگیان بدەن بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە دەرکەون و بەر لە هەڵبژاردنی جلوبەرگەکانیان باش بیری لێبکەنەوە بۆ ئەوەی نەبنە گاڵتەجاڕی میدیاکان.

وینسلتی پاڵەوانی فیلمی تایتانیك داوا لە کچە ئەکتەرەکان دەکات کە بەر لە هەر شتێك پێویستە لەو بۆنە جیهانییە گەورانەدا ئەو جلوبەرگانە هەڵبژێرن کە زۆرترین بەشی لەشیان داپۆشێت لە جیاتی ئەوەی رووت و وروژێنەر بن. وینسلتی تەمەن ٤٢ ساڵ دەڵێ: ئەو ئافرەتانەی زۆرترین بەشی لەشیان دەردەخەن و زیادەڕەوی دەکەن، ئامانجیان ئەوەیە کە سەرنجی ئامادەبووان بۆ لای خۆیان رابکێشن، من خۆم بەر لەوەی بناسرێم و بەشداری لە فیلمی تایتانیکدا بکەم، هەمیشە پابەندبووم بەوەی جلوبەرگەکانم وروژێنەر نەبن و دوورن لە راکێشانی سەرنجی خەڵك، چونکە دایکم هەمیشە ئەو ئامۆژگارییەی دەکردم.

پاڵەوانی فیلمی تایتانیك هەروەها دەڵێ: من نیگەران و پەست دەبم کاتێك دەبینم هەندێك لە ئافرەتان بەشێکی زۆری لەشیان بە دەردەخەن و خۆیان رووت دەکەنەوە، چونکە تاکە ئامانجیان لەم کارە ئەوەیە کە پیاوەکان سەیریان بکەن و چاویان تێببڕن، دەرکەوتن لە فیلم هەرچۆنێك بێت جیاوازە لە دەرکەوتن لە دەرەوە، چونکە لە فیلمەکەدا ئەوە رێنماییانەی دەرهێنەر پێت دەڵێت، پێویست جێبەجێیان بکەی بۆ سەرکەوتنی رۆڵەکەت لە فیلمەکەدا، بەڵام لە دەرەوە هیچ کەسێك ناچار نییە خۆی رووت بکاتەوە، چونکە ئەم رەفتارانە زۆر ناشیرین و قێزەوەنن و بەر لە هەر کەسێك زیان بە ناوبانگی خودی ئەکتەرەکە دەگەیەنن.

بابەتە دا، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی چەند وێنەیەکی دیبیکا لەگەڵا راهێنەرەکەی لە مانهاتن لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەم وێنانەدا ئەو تاتۆ نوێیە بە ئاشکرا دیارە ئەمەش سەرنجی هەموو لایەکی راکێشا، چونکە لە شوێنی هەمان تاتۆی پێشوویەتی کە بە (RK) ناسراوە و ساڵی ٢٠٠٨ نەخشاندبووی، بەڵام گۆڕانکارییەکی تێدا دیارە و کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێتیش گرنگییەکی زۆریان پێدا دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکان.

لەلایەکی دیکەوە دیبیکا خۆی ئامادە دەکات بۆ ئامادە بوون لە فیستیڤاڵی سینەمایی «کان» کە یەکێکە لە فیستیڤاڵە گەورەکانی جیهان و بڕیار وایە بەم نزیکانە بە بەشداری سەدان ئەستێرەی سینەمایی لە زۆربەی وڵاتان ئەنجام بدرێت.



نەرمین کاوانی:

# من کچی شانۆم، هەر لەوێش چاوم بە دنیا نواندن هەڵێناوە

نەرمین کاوانی ساڵی (٢٠٠٦) پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی – بەشی شانۆی تەواو کردووە، ساڵی (١٩٩٢) دەستی بەکاری هونەری نواندن کردووەو بەشداری لە(١٨) کاری شانۆیی کردوە.

ئەم خانمە شانۆکارو ئەکتەرە بە رۆڵە سەرکەوتووەکانی توانیویەتی بوونی خۆی وەک یەکێک لە خانمە ئەکتەرە هەرە سەرکەوتووەکان بسەلمێنێت، هەرچەندە بە یەکێک لە عاشقانی شانۆ ناسراوە، بەڵام ماوەیەکە لە هیچ کارێکی هونەری نابینرێ، ئەمەش وەک خۆی باسی دەکات بۆ دۆخی ئێستای هونەری کوردی بە گشتی دەگەڕێتەوە و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بێ هیوا بێت لە هونەری کوردی، لە میانەی بەشداری کردنی لە فیستیڤاڵی نا بۆ توندوتیژی دژی مێینە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد و بەم شێوەیە بۆمان هاتە ئاخاوتن.

**سەبارەت بە دۆخی ئێستای هونەری کوردی دەڵێ:**
هەڵبەتە ئەم قەیرانە کاریگەرێکی زۆر لە سەر کارەکانی ئێمەی هونەرمەندان هەبووە، چونکە کاری هونەری وەکو دراما و سینەما کاری بە کۆمەڵە، کاری بەکۆمەڵیش پێویستی بە پارەو کۆمەکی زۆر هەیە، بۆیە مادی و مەعنەوەی کاریگەری خراپی لەسەر شانۆ، دراما و سینەما هەبووە، چووینەتە سووڕی متبوونەوە هیچ جموجۆڵێکمان بۆ ناکرێت ، بەداخەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبێت هیچ کارێکمان بەرهەم نەهێناوە.

پێشتریش هەموو کارە هونەرییەکان لە ئاست داواکارییەکانی ئێمە و بینەران نەبووە، بەڵام بڵێم هەنگاوی باشمان ناوە، لە هەموو رووێکەوە کاری باشیشکراوە، بەتایبەتی ئافرەتی باش هاتنە نێو بواری هونەری دراما و فیلم، چاوەڕێ دەکەین بارودۆخەکە بەرە باشتر بڕوات.

**ئەو رۆڵانەی نەرمین کاوانی بینیویەتی لە کارە هونەرییەکانیدا جۆرێك لە جورئەتی پێوە دیارە بێ ئەوەی سنوورەکان ببەزێنی و تێیدا سەرکەوتوو بووە، لەم بارەوە دەڵێ:** تا دوای بەشداری کردنم لە درامای ئارەزووە، بە رێچکەشکێن ناویان بردم، بەخۆشحاڵییەوە رێگای زۆرم بۆ کچانی دیکە کردەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەواڵ بدەن ئەو ئیشە جدییەی، کە پێویستە بیکەن ئەنجامی بدەن و سەرکەوتن تێیدا تۆمار بکەن، هیوادارم لە کارەکان خۆیان نەدزنەوە، من ئەمڕۆ نمایشی کچێکم بینی، کە ناوی کارینا هێمنە، پێموایە ئەویش رێچکەشکێن بووەو لە من ئازاترە، ئەو خەڵاتەی کە وەریگرت من وامزانی خۆم وەرمگرتووە.

**لە بارەی ئەوەی کە ئایا زیاتر خۆی لە شانۆدا دەبینێتەوە یاخود لە دراما نەرمین دەڵێ:** من کچی شانۆم، هەر لەوێش چاوم بە دونیا نواندن هەڵێناوە، خۆشەویستیم بۆ نواندن لەسەر شانۆ چەکەرەی کردووە، ئەو هاوارەی کە لەسەر تەختی شانۆ دەتوانم بیکەم، لەبەردەم کامیرا ناتوانم، ئەو ئازارەی کە لە شانۆیەدا دەتوانم بیگەیەنم زۆر راستتر و راستەقینەترە، لەسەر تەختی شانۆ بینەرەکەم گوێی لەهەناسەکەمە، ئەزانێت من چی پێدەڵێم و زیات هەست بە من دەکات، بەڵام لەبەر نەبوونی شانۆ و قەیرانەوە من رووم لە دراما و سینەما کرد، هەڵبەتە لەبواری دراماش توانیم جێ پەنجەی خۆم بکەمەوە.

**سەبارەت بەو درامایانەی کە لە شاشە کوردییەکان پێشکەش دەکرێن نەرمین کاوانی دەڵێ:**
بەراستی درامای کوردی زۆر باش هەیە بەڵام هیچ تیڤییەک یان کەرتی تایبەت نییە کە دەرگاکانی بۆ هونەرمەندان بکرێتەوە، رەنگە نەگاتە ئەو کوالیتییەی دراما بیانییەکان، چونکە ئەو دراما بیانیانە پشگیریی مادی ومەعنەوی زۆریان هەیە، ئێمە لە کاتێک لە درامایەکان بەشداری دەکەین نە مێکاپێکی باشمان هەیە، نە جل وبەرگێکی شیاو لەبەر دەکەین، ئەو جلانەی من لە دەوام لەبەری دەکەم دواتر لەنێو دراماکانیش لەبەرم کردووەو وێنەم پێ گرتووە، باشە من چۆن بتوانم وەکو ئەکتەرێکی تورک ئیش بکەم، بەمشێوەیە من ناتوانم ململانێ لەگەڵ دراما تورکییەکان و بیانییەکان بکەم.

بۆیە بە راشکاوی دەڵێم من لەگەڵ بایکۆتی دراما بیانییەکانم، چونکە ئەو پارەیەی لە دۆبلاژی دراما بیانیەکان خەرج دەکرێت بدرێتە دەرهێنەرێکی کورد درامایەکی ١٥ ئەڵقەیی باش پێ دروست دەکات، ئەمەش دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ دروستبوونی درامای کوردی،وەرن ئەمەش تاقی بکەنەوە، بزانین ئەو کاتی هونەرمەندان چی دەکەن، ئاخر ئەوانەی دۆبلاژیش دەکەن هەر ئەکتەری کوردن، من ئەوە سێ ساڵە دانیشتوومە لەماڵەوە خەریکی وام لیدێت بچم کاری دۆبلاژ بکەم، بۆ ئەوەی لە هونەرەکەم دانەبڕێم، هەرچەندە ئەوە بۆ ماوەی ٧ ساڵە داوام لێ دەکرێت کاری دۆبلاژ بکەم. بێگومان کولتوورێکی بێگانەو دوور لە دابونەریتی کوردەواری هێناوە، خەریکە ئەم کولتوورە لە نێو خەڵکدا پەل وبپی بهاوێت، بەشێک لە خەڵک هەیە ئێستا دەیەوێت وەکو تورکیا بژیت، ئەوەی لە درامایەکان دەبینێت لاسایی دەکاتەوە، بەراستی زۆر زۆر دیاردەیەکی خراپ و مەترسیدارە.

**سەبارەت بە چارەنووسی دراما کوردییەکان نەرمین کاوانی دەڵێ:** ئێمە بە عەشقەوە کاری هونەری دەکەین، چونکە بێ هیوا دەبیت و سارد دەبیتەوە، بەڵام نەرمین کاوانی بەردەوام گیانی دەخوورێت بۆ کاری هونەری، دەمەوێت بچمەوە بەر کامیرا، دەمەویت بچمەوە سەر شانۆ ئەو پەیامەی هەمە بیگەیەنم، بەڵام ناتوانم، ئەوانەی لیمەوە نزیک هەست بەوە دەکەن، هونەرمەندی راستەقینە هونەر دەچێتە خوێنیەوە زۆر بە ئەستەم دەتوانیت لێ دوور بکەویتەوە، من بەردەوام هەست دەکەم شتێکم لێ وونبووە، ئەویش دابڕانە لە نواندن، کە ئەگەر درێژە بکێشێت بەراستی کارەساتە.